# ناو

محمد علی عوزێری/هەولێر

دەهریێکە بیرت لێ دەکەمەوە
کە چۆن لەکام شوێن خۆشم بووی
چەندین هەنگاوی دەبڕدم بەڵام هەر هەنگاوێکم بۆ تۆ بۆتە
ترسانیك
وەك ئەوانی تر گەر بڵێم خۆشم دەوێی ..تۆش
تەوقی ئەسیرم لەمل کەی
لێ زیاد دەکەی ..کێ و لەکەی بۆ
هات و نەهاتی دنیام بەناو کەی
ساردی زستان و گەرمی هاوینم لێ بشێوێنی
دنیام لێ ڕەش کەی ..وەك ئەوەی پێش دڵی تۆ
ناکرێ بڵێم خۆشم دەوێ
دەزانم دەزانی دەزانم کە خۆشمت دەوێ
تۆ لە دووری دەمناسی منیش هەربەبێ دەنگی
نیگارت بە دەستە لارزوکەکانم ..بۆ خۆمت باس دەکەم
دە تخەمە سەر لاپەرەکانی شعرە بێ کەسەکانم
چەندم حەز لە هاواری ناوتە ..چەندم حەز لە ناوتە
..چەندم حەز لە ناوتە
نازانم لە کوێی خۆمی کەم
لە ژین ..لە مێشك ..لە ناخ ..لەدڵ
لە بێزاری ..لە دووری ..لە خۆشی
بیکەم بە ئەدریسی ..یان
..بێ کەسی
هاودەردی خۆشەویست
بپرسە ..لە سۆزی چاو بێ ڕەنگی دڵ
..تەنها لەخۆت بپرسە ..جارێك لەخۆت ..لە خۆت
باسی هەموو ..رادەبووری ..کە بە تەکمە
منیش داوای هەمووت ..شتێکم بۆ دەکەی
تەنها باسی دڵم و دڵت نەبێ ..لێ دەکەم
چاوەڕوانی هەموو شتێکم لێ دەکەی تەنها دەنگدانەوەی بێ دەنگیم نەبێ

بمبورە ..غەم ..هاو
تۆم ..ساڵە چاوەڕوانی 33
دایە گەورە ..میهربان کە گریاندمی بە دەست
وەسفی تۆیی بی دام
بە سۆزی تۆ ..لەناو لانکە دەیان هەژاندم
..لایلایان پیٚ دەکردم دەنوستم
کە دەگریام لە شویٚن شیر بە باسی تۆ دەیان بردم
..گیانە
دەزانم وەك من دەترسی لە رۆژی
کە خۆشەویستی تۆ لە مل کەم
هاوڕیٚتم هاوبیران ,هەڤاڵ ,برادەر ,دۆست ..لەنیٚو
تەوقی زمانم لەت لەت کەم..باست کەم
ئەو کاتیش نازانم لەچی باست کەم
لە رەنگی چاو یا برژانك برۆیە بگوژەکانم
لیٚوە بیٚ ماچەکان یان زمانە قەتیس کراوەکەت
کویچکە بیٚ شەماڵ و سۆزی عەشقەکەم
..یان
لە قاقە و خەندە بیٚ تاوەنەکەم
تەنها بەناو هیٚنات دەست پیٚ دەکەم ..سەیرم مەکە
ناوت باست دەکە ..ئەوانی تر
گوڵە ..یارە ..گیانە
دەترسم ڕاکەی تەنیایم پیٚ بەناو کەی ..گویٚم لیٚ رابگرە
ئەم جارە وام نووسیوە
لیٚی ڕا نەکەی ..لیٚ تیٚ بگەی
بیٚ دەرگا خۆت خستە ناو دڵم ..ئازیز کە خۆشم ویستی
پیٚنووسی وەڵامم شگاند ..زۆر لە چاوەڕوانی
زۆر دۆست و دوژمنم لەخۆ زویراند
بیٚزاری چاوەڕیٚم کردی ..هەر من لەسەر تەختی
کە هاتی ..کەچی نەهاتی
..هاتی0000000000بیٚ ناو
دڵم بە تۆوە ئکاوە ..هەزار ساڵە دەتناسم
بیٚ شنەو سامال ..لە ناخمە بەزامیٚکی زۆر
فریشتەکان ..ریٚز ریٚز پۆل پۆل

نێو قوڵایی ناخم..هەڵدەقوڵن
بەرەو ئاوارەی دەچیٚ نازو دڵم ..ئەوین
من لێرە تۆش وەك باووش خۆت خستۆتە
زەمان ..بیٚ بەزەیی ..سێبەری
..ئازیز
ئێستاش ناوێرم ناوت بێنم
لە شادی ئێستام بم ..گەر ناوتم هێنا
لە گشتی تۆ بم
لە باست نازت رازاو مرازت
چاو مار دەترسم ناوت بێنم
تۆ لەگەڵ خۆمد
بمرێنم ..ا
6/9/2002